مەسرور بارزانی هاوخەمی بۆ رووداوی ئاگرەکەی تورکیا دەربڕی

مەسرور بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان، مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و وەزارەتی دەرەوەی عێراق، هاوخەمی و سەرەخۆشیی خۆیان بۆ گەل و حکومەتی تورکیا و قوربانییانی ئاگرەکەی ئەو وڵاتە دەربڕی کە بەهۆیەوە زیاتر لە 70 کەس گیانیان لەدەستدا و دەیانی دیکەش برینداربوون.

مەسرور بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان لە تۆڕی ئێکس لەبارەی رووداوەکەوە دەڵێت، "خەمبارم بە رووداوی ئاگرکەوتنەوەکەی شاری بۆلو لە تورکیا، سەرەخۆشیی خۆم بۆ کەسوکاری قوربانییان و گەل و حکومەتی تورکیا دەگەیەنم."

هاوکات، مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان پەیامێکی هاوخەمی بۆ قوربانییانی ئاگرەکە بڵاوکردەوە و دەڵێت، پرسە و سەرەخۆشیی خۆم ئاراستەی کەسوکاری قوربانییان دەکەم و خۆم بە هاوبەشی خەمیان دەزانم.

لەلایەکی دیکەوە وەزارەتی دەرەوەی عێراق لە راگەیەندراوێکدا، ئەوپەڕی هاوخەمی بۆ حکومەت و گەلی

تورکیا دەربڕی و دەڵێت، "لەم دۆخەدا پاڵپشتی لە تورکیا دەکەن".

ڕۆژی 21ـی کانوونی دووەمی 2025، لە ئەنجامی کەوتنەوەی ئاگر لە هۆتێلێکی 12 نهۆمیی ناوچەی گەشتیاریی کارتاڵکایا تایبەت بە یارییەکانی خلیسکێنەی سەربەفر، 76 کەس گیانیان لەدەستداوە و دەیان کەسی دیکەش برینداربوون.